# حكومەتی تاوان و ئێمەی شەریك!

## كەمال ڕەئوف

سالّی ڕابردوو هەرچەندە هیچ مەسەلەیەك هێندەی كێشەو شەڕی ناوخۆی عێراق لەمیدیای جیهانیدا بەشی شێری بەرنەكەت, بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا ئەوەی باسكراوەو ئاشكرا كراوە تەنها مشتێك لەو خەرمانی كوشتارگەیەبووە كە لەعێراقدا ڕوویداوە. سالّی پار ڕێژەی توندوتیژی لەم بەشە لەجیهاندا گەیشتە لوتكە, ڕەنگە ئەوەندەبەس بێت كەبلێین تەنانەت حكومەت و دامودەزگا بەرپرسەكانیش تاكو ئێستا نەیان توانییەوە ناوی كوژراوەكان بزانن و ئاماری ڕاست و دروستی قوربانیەكان تۆماربكات و ڕای بگەیەنێت كەژمارەی تەواوی قوربانیەكان چەندە ! بەدرێژایی سالّی پار ڕۆژێك تێنەپەڕی كە بەدەیان و سەدان خەلّك نەبنە قوربانی توندو تیژی, ترس و تۆقاندن نەك هەر شەقام و شوێنە گشتیەكانی گرتەوە تەنانەت كارگەیشت بەڕادەیەكیش كە هیچ كەسێك لەشارێكی چەند ملیۆنی وەك بەغدادا لەناو خاوخێزان و مالّەكەی خۆشیدا هەستی بەئارامی نەدەكر .

لەم خوێن ڕشتن و پشێوییەدا ئیسلامییە سونیەكان و بەعسیەكان جەمسەرێكی ئەم تاوانانەبوون و جەمسەرەكەی تریش حكومەت و هێزە هاوپەیمانەكان , هێزە بەشداربووەكانی شیعەو سونە كەتاڕادەیەك لەناو حكومەتدا شەریك بوون بەڕۆژ لەسایەی هێزەكانی ئەمریكاو لەناوچەی سەوزی پایتەخت پێكەوە دادەنیشتن و بەشەوانیش بەردەبوونە گیانی یەكترو.

ئێستا ئیتر هەركەسێك گەر بیەوێت بەسادەیی لەوە تێبگات كە حكومەتەكانی دوای دەسەلاّتی حیزبی بەعس كە پێكهاتەی ئۆپۆزیسۆنی ئەوسای دەسەلاّتی بەعس بوون چیان كردووە و تا چەندە توانیویانە لە ئێش و ئازارەكانی خەلّكی عێراق كەم بكەنەوە, بەخوێندنەوەی چەند پەرەگراف لەهەوالّەكان و بەبینینی وەزعی سیاسی و كومەلاّیەتی وئابوری خەلّك بەباشی لەوەتێدەگات كە ئەوان هەوێنی چ پاشاگەردانیەك بوون و چ نەهامەتیەكیان بەدیاری بەناوی دیموكراتیەتەوە هێنایە ئاراوە .

ڕەنگە بەتێگەیشتن لە ڕووداوەكانی ڕابردوو و خوێندنەوەی لوغزی سیاسی و ئایدلۆژیای ئەو هێزانە كە بەشداری حكومەتیان كردووە و ئەوانەش كە دەیانەوێت لەئێستادا دەسەلاّت بگرنە دەست, ئاسانتر لەوە تێبگەین كەپێكهاتەكانی ناو ئەم حكومەتانە دەیانەوێت بەرەو كوێ ملی بنێن و ڕووی لەكام دەروازەی ژیان بكەن. ئاسۆ ودوارۆژی ئەم شێوازە لەحوكم كردن كە هەر ئێستا سەرەتایەكی تالّ و ڕەش وخوێناوی دەبینین ئەوەمان نیشان دەدات كە ئەم شێوازە لە دەسەلاّتداریّتی چ مەرگەساتێكی قولّترو خوێناوی تر بەدوای خۆیدا دەهێنێت, بۆیە ناكرێت هیچ تاكێكی ئەكتیف دلّ بەو دوارۆژە خۆش بكات و گرەو لەسەر ئەوهێزانە بكات كە هەر ئێستا لەپشت دەسەلاّتەوە وەستاون و وابڕیارە لەسەر دەستی ئەوان ئەلتەرناتیفێكی سیاسی و كۆمەلاّیەتی گونجاوتر بهێنرێتە ئاراوە.

ئەم شێوازە لەحوكمڕانی كەتاسەر ئێسك پریەتی لەمجامەلەی نابەجێ و هەر ڕۆژە خەریكی تۆماركردنی شكستێكی نوێ و پاشەكشێەكی سیاسی و ئەخلاقیە ,لەناوەوە بەوە دەست پێدەكات كە ئێشی هەرمجامەلەی بالیۆزی ئەمریكاو پیاوانی ئاینی و مەرجەعەكان و سەرەك هۆزەكان بێت و كۆتاییەكەشی بەوەبێت كە نەتوانن پەنجە بۆ ئەو حكومەت و هێزە دەرەكیانە ڕاكێشن كە بەڕۆژی نیوەڕۆ لەبەغدادی پایتەختدا بە دەیان كاری تیرۆریستی ئەنجام ئەدەن ,لێرەوە هاولاّتیەكی سادە لەوە تێدەگات كە ئەمڕۆ خاوەن حكومەتێكە نەك هەر توانای پارێزگاریكردنی مافەكانی ئەوی نییە بەلّكە توانای پارێزگاریكردنی لە خۆشی نییە,ئەم حكومەتە كە بەسەررزارەكی دەیەوێت بەهەنگەشەلّێ بەرەو مەنزلّگای دیموكراتیەت بڕوات هەرزوو دەستی خۆی ئاشكرا كرد كە دەست و پێی سپیەو هیچ كارێكی پێناكرێت هەربۆیە بۆهەركارێكی گرنگ دەبێت هەموو وەزیرو پەرلەمانتارەكانی ڕاگرێ تا مشاوەرە لەگەلّ مەرجەع و بالوێزخانەی ئەمریكادا یەكلادەكاتەوە, هەر لێرەشەوەیە كەدەتوانین بلێن: شكست و نەهامەتیەكانی ئەم حكومەتە ئەگەر جەمسەرێكی ئەو هێزانە لێی بەرپرسن كەبەشدارن لەحكومەتدا ئەوا جەمسەرەكەی تری نیشانەی شكستی سیاسەتی ئەمریكاییەكان و موداخەلەی مەرجەعە ئاینی و مەزهەبیەكانە لەكارو باری حكومەتدا, بەشێوەی گشتی ئەوەی كە هەر ئێستا ڕوودەدەن نیشانەی شكستی ئەو سیاسەتەیە كە ئەمریكایە لەناوجەكەدا گرتوویەتەبەرو بەشوێن دروستكردنی حكومەتێكەوەن كە تاسەر ئێسك گوێی لەمست و دلّخوازی خۆی بێت .

ئاشكرایە گۆڕینی دەسەڵاتێكی سیاسی  لە شێوازێكەوە بۆ شێوازێكی تر ئەگەر شێوازی شوڕشگێرانەی تیادا لەبەرچاو نەگیرێ ئەگەر جەرائەت بۆهەنگاوەكان بەخەرج نەدرێت, بەرئەنجامەكەی هەر ئەوەی لێ سەوز دەبێت كە ئەمرۆ لە پێكهێنانی حكومەتی عێراقدا دەبینرێت, ئەمریكا سەرەتا بۆ ئەوەی دەستی لە حكومەتێكی دڵخوازی خۆی گیربێت, لەڕوخاندنی حكومەتی بەعسدا نەك هەر بەری بەخەڵكی عێراق گرت لەهەر هەنگاوێكی شۆڕشگێرانە تەنانەت هێزە لۆكاڵییە هاوپەیمانەكانی خۆشی بێ بەش كرد لەوەی كەبەشداری بكەن لەگۆڕانی حكومەتی بەعسدا, ئەمڕۆش  ئەمریكاو هاوپەیمان بۆ پشتیوانی سیاسی و سەربازی خۆیان پتر لەدووسەد هەزار سەرباز بەهەموو پێویستیەكانی جەنگەوە لەبن دەستی حكومەتی دڵخوازنراوە كەچی لەولاوەحكومەت نەك هەر لەسەر پێی خۆی نەوەستاوە بگرە تا بینەقاقای شەلاڵی خوێنە, ئەمڕۆ خەڵكی عێراق لەحكومەتێك بەهرەمەندە كە كاری پرۆژە خزمەتگوزارەیەكانی لەئاستێكدایە كە لەدواكەوتوترین و هەژارترین ولاَتی ئەم دنیایەش نمونەی كەمە, حكومەتێك تەنانەت نەتوانێت ئاو وكارەبایی پێویست بۆهاولاَتیانی دابین بكات, لەڕووی ئەمنیشەوە حكومەتێك كە تەنانەت ئەركی ئەوەش ناكێشێت كە ناولیستی ئەوسەدان كەسەی كە ڕۆژانە بەكوژراوی لەسەر شەقامەكان فڕی دەدرێن ئاشكرا بكات, حكومەتێك كەهێشتا خەڵك هەناسەیەكی ئارامی لە ژێر سایەیدا هەڵنەكێشاوە كەچی لەولاوە  بەدەیان وەزیرو كاربەدەستی حكومی قسەی ئەوەیان لەسەردەكرێن كە بە ملیاردەها دولاریان دزی بێت و ڕەوانەی بانكەكانی دەرەوەی ولاَتیان كردبێت, خەڵكی عێراق ئێستا دەزانن كەدەنگیان دا بەحكومەت و پەرلەمانێك كە ئیستا ئەندام پەرلەمانەكان لەترسی گیانی خۆیان و لەبەر بێ بەرنامەیی تاقەت و حەوسەڵەی ئەوەشیان نییە لە كۆبوونەوەكاندا بەشداری بكەن.

خراپترین شت كە لەم حكومەتەدا گوێی بیستی دەبین و  بەردەوام بەدەرمانی دەردەكانی دادەنرێ مەسەلەی تەوافقە, تەوافق یانی ڕازی كردنی هەموولایەك , بەئیسلامیە توندڕەوەكان و بەعسیەكانیشەوە ,یانی بەشداریكردنی هەموو لایەك لەدەسەلاَتدا, یانی نەبوونی ئۆپوزیسۆن و ڕازی نەبوون بەمخالیفینی سیاسی یانی بڕوانەبوون بەهەڵبژاردن و بە ئاكامی سندوقەكانی دەنگدان, یانی قبوڵ نەكردنی یەكتر.دیارە تەوافق بەشێكی تری دنیای مجامەلەو یەكترڕازیكردن و گرتنەبەری سیاسەتی مەتاتیە, تەوافق  یانی گرتنەبەری سیاسەتی دیوەخان و سوڵحی عەشایەری, تەوافق ڕێك پێچەوانەی مەفهومی شوڕشگێرێتی و دنیای سیاسی و بەڕێوەبردن و ئیدارەوحوكمڕانیە , تەوافق رێكەوتنە لەنێوان هێزەسیاسسیەكان بۆپشتگۆی خستنی داخوازییەكانی خەڵك, بەكورتی تەوافق سیاسەتی پاشەكشەو سەرگەردانیی وبێ ئاسۆییە نەك سیاسەتی حكومەت بەڕێوە بردن, دەكرێت ئێمە  دەستورێكمان هەبێت بەڕێكەوتنی هەموولایەك بنوسرێتەوە بەلاَم ئەستمە حكومەتێكی كارامان هەبێت بەتەوافق بچێ بەرێوە, هەربۆیە زیادەڕۆیی نییە گەر بڵێن حكومەتی ئێستا چونكە جۆرە  حكومەتێكی تەوافقیە هێندەی لەگەڵ گروپە تیرۆریستیەكانی دەرەوەی خۆی دەرگیرە هێندەش لەناو حكومەتەكەدا دەرگیری هاوتاكانی خۆیەتی.

ئێمەی كورد ئەڕۆ شەریك و هاوتای حكومەتێكین كەنەك هیچ ئاسۆیەكی گەشی نیەو ڕۆشناییەكی باشی لێ بەدی ناكرێت, بەڵكە بووشینەتە شەریكی تاوانگەلێك كە هەر ئێستا بەبەرچاوی هەمووانە دەگوزەرێت و مێژوو بەرپرسیارەتی دەخاتە سەر شانمان, پارتی و یەكێتی وەك دوو هێزی سەرەكی كوردی كەتاڕادەیەك وەزنەیەكیان هەیە لەحكومەتدا, بەلاَم بەداخەوە لەڕووی سیاسیەوە  ئەوان ئەمڕۆ بوونەتە هاوتاو شەریكی هێزگەلێكی وەك موقتەدای سەدر كەتا سەر ئێسك دەستی سورە بەخوێنی خەڵكی مەدەنی و بەشدارە لەو كوشتارگایەی كە زۆربەی شوێنەكانی گرتۆتەوە , هەر بۆیە ئەگەر ئەو هێزگەلە بەدیوێكا گوناهباربن و بە دژە ئینسانییەت بناسرێن ئەوا بەڕووەكەی تریشدا پارتی و یەكێتی بەهەمان شێوە , چنكە لە ئاكامدا ئەوان ئارەزوو مەندانە بوونەتەهاوتاو شەریكی هێزگەلێك لەحكومەت و دەسەلاَتدا كەتابینەقاقی نوقمی ناعەدالەتی و دژەمرۆییە.